# ئەمریکا و گەمەی دیموکراتیزەکردنی عێراق وناوچەك

موحسین ئەدیب

ك
ەسێك نیە دان بەوەدا نەنێت ئەمریکا لانکی دیموکراسییەتە ولەو بارەیەشەوە مێژویەکی پڕشانازی هەیە، مەزنی وئامادەگی بەرچاویشی لەجوگرافیای دەرەوەی خۆیدا چەندێك لەتوانا ئابوریو سەربازییەکانیەوە سەرچاوەدەگرێت، زیاتر لەوە پشتگیری گەلەکەیەتی سەبارت بەسیاسەتی دەرەوەی حکومەتەکانی، ئیدی ئەم پشتگیریە پالنەرێکی ئەخلاقی لەپشتەوەیە (چونکە بەئاشکرا لەگوتاریسیاسی ونیشتمانی گەلی ئەمریکیدا نەکهەیەکی ئیلاهی ئامادەگی هەیە –گوتارەکانی سەرۆك بوش وژەنراڵەکان لەم جەنگەی دوایدا نوێترین شاهیدی ئەم فاکتەرەن) یاخود لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کۆمەڵە گروپێکی دیاریکراو سەرجەم ئەمریکا ئاراستە دەکەن وهەرجۆرێکیان بوێت گەل هیبنۆتیزە دەکەن هەرچونێك بێت خالّی بەهێز و سیمای جیاوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەبەراورد لەگەلّ دەولەتانی دیدا پشتگیری گەلەکەیەتی بەجۆرێك لەجۆرەکان .

بەپێچەوانەی ئەم ئاراستەیەوە دژایەتیەکی جەماوەری زۆر لە هەموو جیهاندا هەیە دژی سیاسەتی پاوان خوازی ئەمریکا (خۆپیشاندانە بێئەژمارەکانی گەلانی جیهان لەم جەنگەی دواییدا زەقترین بەلگەن بۆ ئەم راستیە) ، بێگومان ئەم دژایەتیەش جگە لە فاکتەرە ئاینی و ژیاری ونەژادییەکان چەند فاکتەرێکی دی هەیە لەوانە؛

- بەسروشت زۆرینەی خەلّك دژی دەسەلاّتن و بوونی خۆیان لەو دژایەتیکردنەدا دەبیننەوە .
- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهەر بیانویەك بێت بێئەندازە پشت بەلۆژیکی هێز دەبەستێت .
- سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بێمانا بەرژەوند گەرایە و لەم پێناوەشدا پشت لە زۆرێك لە بەها ئەخلاقیەکان دەکات، ئەگەر چی لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقیشدا دایدەرێژێت .
- هەر چونێك بێت وبەهەر بیانویەك بێت ئەمریکا بەنیسبەت گەلانی دییەوە هێزێکی داگیر کەرە وپشتگرتنی بەخیانەتی نیشتیمانی لەقەلّەم دەدرێت. .

بەلاّم ئایا دژایەتی گەلان بەشێوەیەکی گشتی و گەلانی دنیای ئیسلام و رۆژهەلاّت بەتایبەتیدژی ئەمریکا لەبەرژەوەندیان تەواو دەبێت؟لەکاتێکدا کە ئەوان بەردەوام بەدەست رژێمە دیکتاتۆر و تۆتالیتاریەکانیانەوە دەناڵێنن و مافیا سیاسیەکان لە پەسا خوێنیان دەمژن. ئایا دەکرێت گەلانی رۆژهەلاّت دژی دەسەلاّتی خۆسەپێنی ولاّتی خۆیان بن و لەهەمان کاتیشدا دژی ئەمریکاش بن ؟ئایا ئەم دووفاقیەتیەی هەلّویستی گەلان لە قازانجی دەسەلاّتە خۆسەپێنەکان وزەرەری خۆیان کۆتایی نایەت ؟ ئایا هەلّویستی دژە ئەمریکای گەلانی رۆژهەلاّت باکگراوندێکی عەقلاّنی هەیە؟ یاخود جۆرێك لەشپرزەیی وسۆزگەرایی ئاراستەی دەکات ؟ئایا ناکرێت ئەمریکا بەدەر لەهەر سلبیەتێکی وەك دەروازەیەکی رزگاری سودی لێوەربگیرێت ؟بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کەتائێستا لەسەدا نەوەدی ئەو پرۆژانەی کە رۆشنبیران وخەلّکانی ریفۆرم خواز تەرحیان کردووە بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەلّگا ودیموکراتیزە کردن و شەفاف کردنی دەسەلاّت شکستی هێناوە، ئایا دەکرێت چیدی گەلانی رۆژهەلاّت بەکۆمەلّێك موبەرپیری ئەخلاقی و ئاینی وغەزوی فیکری و هەیمەنەی جیاهانگیری. . . . . . . . کەلەبنەڕەتتدا خودی دەسەلاّتە ساختەکان دروستیان کردووە، واز لەخەونە مرۆییەکانی خۆی بهێنێ و سود لەهەلومەرجەکان وەرنەگرێت و لەبەرژەوەندی خۆی نەیان قۆزێتەوە، ئەمە لەهەلومەرجێکدا کەخودی دەسەلاّتەکانی لەمەڕ ئێمە دروستکراویدەستێکی بەرژەوەندگەرای دەرەکین.

دەکرێت بەدیوێکی تردا بپرسین داخۆ ئەمریکا وەك زلهێزێکی بەرژەوەندگەرا بەراستی دەیەوێت عێراق بەتایبەتی وناوچەکە بەگشتی دیموکراتیزە بکات ؟ئایا بەرژەوەندی ئەمریکا لەهێشتنەوەی ئەم دۆخەی ناوچەکەدایە یاخود لەبەدیموکراتیزەکردنیدا ؟ئاماژە بەوەی لەم جەنگەی دوایدا ئەو دەولّەتانەی دژایەتی ئەمریکایان دەکرد دەولّەتگەلێکی دیموکرات ونیمچە دیموکرات بوون ولەژێر فشاری خەلّکیشدا ئەم هەلّویستەیان دەنواند، لەوانەش دەولەتی

تورکی کەلەژێر فشاری شەقامەکەیدا تەنانەت ڕێگاشی نەدا لەپرۆسەی ئازادی عێراقدا ئەمریکا ئاسمانەکەشی بەکاربهێنێت، ، بەپێچەوانەوە دەوڵەتە عەرەبیەکان لە نادیموکراتیەتی خۆیان هیچ حسابێکیان بۆ هاواری شەقامەکانیان نەکرد و کەم تازۆر وبەشێوەی جوراوجۆر پشتگیری ئەمریکایان کرد، لەکاتێکدا بەهەر پێودانگێك بێت دەبوو ئەوان دژی ئەمریکا بونایە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە پشتگیریەکی شەعبیان نەبووەو نیە بۆیە ناچاربوون ئەمریکا لەخویان زیز نەکەن و ئەو دیبلۆماسیەتە لەرزۆکەش کە جاجارە دەیان نواند بەهەند وەرگرتنی دەنگی شەقام نەبوو ئەوەندەی ترسان بوو لەکورسیە بێرەگەکانی خۆیان کەهەمان قەدەر. فوتی بدات.

لەلایەکی دیەوە دەسەڵاتەکانی لەمەڕ ئێمە هەرچۆنێك بن وهەڵوێستیگەلان بەهەر شێوازێك بێت ناکرێت نابینابین وخۆمان لە کۆمەڵێ ئاماژەی دی بێئاگاکەین کە دەیانەوێ پێمان بڵێن ئەمریکا لەگەڵ بانگەشەکانیدا وێکدێتەوە وکۆمەڵێك پاڵنەر هەن ئەمریکا ناچار دەکەن بانگەشەکانی جێبەجێبکات، لەوئاماژانەش:

- دروست کردنی ئەلتەرناتیف : چونکەلەحکومەتی دیموکرات و کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤی مەدەنیدا فرەحیزبی وجۆراوجۆری کەناڵ و ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەکان ئامادەگی هەیە، لێرەوە ئەمریکا وەك زلهێزێك زۆر سانا دەتوانێت تەحەکوم بکات وکێی بوێت بەرکەناری بکات وکێ کاربۆ بەرژەوەندیەکانی بکات بەهێزیبکات دەسەڵاتی بداتێ، . لەمبارەیەوە ئێرانی دوای حەفتاونۆو عێراقی دوای نەوەد باشترین دوو نمونەی وڵاتی نا دیموکرات وتۆتالیتارن کە یەکەمیان تائێستاش لەگەڵ سەرجەم ئەو بیانوو تۆمەتانەی‌لە بیستوچوارساڵی رابردودا ئاراستەی دەکات نەیتوانیوە خەرقی بکات وهەرهیچنەبێ بناغەی ئەلتەرناتیڤێکی دی بۆ دابنێ، سەبارەت بەعێراقیش هەمووەمان چیرۆکی لەپێخستنی حکومەتەکەی دەزانین کەبەچ دەردیسەریەك ئەمریکا کۆتایی پێهێنا .
- دەرکێشانی چزوی توندڕەوی بەگشتی وتوندڕەوی ئیسلامی بەتایبەتی (کە مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خودیوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروست کردووە) بێگومان ئەمەش پاش ئەوەی کە زۆرینەی توێژینەوەکان ئەوەیان رونکردۆتەوە کەتوندو تیژی لەدیکتاتوریەتی دەسەڵات و داخراوی کۆمەڵگاوهەژاری تاکەکانەوە ئاراستەوەردەگرێت
- لەدەست نەدانی میسداقیەت لەهەمبەر رای نێودەوڵەتی وگەلانی ناوچەکە (چونکە ئەمریکا بەنیازنیە بەهەر جۆرو لە هەر چواچێوەیەکدا بێت دەستبەرداری ئەم ناوچەیە ببێت) وتەنانەت لەمیسداقیەتی بەرامبەر خودی گەلی ئەمریکیش دەترسێت بە تایبەت کە ئیدارەی ئەمریکی بەگشتی وئیدارەی بوش بەتایبەتی لەبەها ئەخلاقی و مافە ئیلاهیەکانەوە بیانوو موبەڕیر بۆ پرۆسیسە دەرەکیەکانی دەهێنێتەوە وەك ئاماژەمان پێدا.
- ئاماژەیەکی دی: لەسەردەمی جیهانگیریدا کەخودی ئەمریکا رابەرایەتی دەکات بخوازین ونەخوازین بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وبەجۆرێك لەجۆرەکان، دەسەڵاتەکان شەفاف دەبن و کۆمەڵگاکان دەکرێنەوە . . . . . . ئەمریکاش ئەمە باش دەرك دەکات بۆیە دوورنیە بیەوێ دیموکراتیەت وەك چەپکە گوڵی دیاری دەستی خۆی و وەك منەتێك بفرۆشێتەوە، چونکە نابێت ئەوەمان لەیا بچێت کە ئەمریکا وەك زلهێزێکی سەرمایەدار هەستی تەمەلوك و تەحەکومی بەرامبەر هەموو شتەکان هەیە بەخودی بەها مرۆیەکانی وەك دیموکرسیو مافی مرۆڤ ولیبرالیەت ومەدەنیەت . . . . . . یشەوە.

ئەمریکا هەرنیەتێکی هەبێت و بەهەر مەبەستێك ئەم بانگەشەیەی بەرزکردبێتەوە، دەسەڵاتەکانی ناوچەکەی ترساندووەو کەم تازۆر لەژێر سێبەری ئەم هەڕەشانەدا کۆمەڵێك چاکسازیان کردووەو هەندێك هەنگاویان ناوە لەم بارەیەو، دەوڵەتانی کەنداو ەباشترین نمونەن.

لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، لەنێوان دروشم وجێبەجێکاریدا بۆشاییەکی زۆر هەیە، ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە هەنگاوە عەمەلیەکانە بەنیسبەت ئەمریکاوە دەکرێت عێراق وەك سەنگی مەحەکی نیەتەکانی لەقەڵەم بدەین چونکە عیراقی دوای رژێم لەهەموو رویەکەوە کێڵگەیەکی لەبارە بۆئەم مەبەستە، بەلآم لەهەمان کاتدا نابێت خۆمان لەوە گێژبکەین کە ئەگەر گەلانی عێراق خۆیان نەیانەوێت و هەوڵێکی جدی نەدەن مەحاڵە چاوەڕوان بن ئەمریکا دیموکراسیەت وەك هەرکالآیەکی دی هاوردەبکات بۆمان، چونکە ئەوکات وەك بابا نوئیلەکەی لێدێت کەلەرۆژئاوا دیاری دەبەخشێتەوە بەسەر منداڵاندا کەچی لێرە بەپێچەوانەوە پارە لەمنداڵەکانمان دەکشێنێتەوە .

muhsinadib@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.